## مزلی له شانەكان دوو دوو كچه كورد دوكوژن و دەسەڵاتیش پری گیرفانیان له پاره دەكات  بۆ سوڵحی عەشایەری

**دەربارەی ئافرەتان و چەندین مەسەلەی گرنگ , دیدارێكی تایبەتی كوردستان نیوز له گەڵ خاتوو كازیوه ساڵح نووسەر و رۆژنامەنووس كه ئێستا له وولاتی كەنەدا ژیان به سەر دەبات.**

سازدانی : شنۆ عەبدوڵلا پێنجوێنی

**كوردستانیوز– كازیوه ساڵح له دیداریەكدا دەڵێت به هۆی عودەی و قوسەیەكان ئەم شارەم به جێهێشتئایه ڕاسته ژنانی ڕۆژنامەنووس یان دەرکەوتوو له بواری ڕاگەیاندندا ڕووبەڕووی ئەو جۆره مامەڵه ناسلوكیانه دەبنەوه ؟**

**كازیوه ساڵح** - پێناسی سلووك له نێو كوردا هێنده كورت كراوەتەوه كه یەك چەمك زیاتر ناگەیەنێت , له كاتێكدا سلووك زۆر لەوه زیاتره كه مرۆڤی كورد پێشبینی دەكات و كردوویه به پاشخانی یەكێك لەو وەهمانه دەیخاته كار بۆ وون كردنی ماناكەی , هەموو كردار و پرچه كردارێكی مرۆڤ سلوكه ,رەوشته , مۆراڵه ,له فشاری گرووپێكی ئسلامیەوه بۆ خنكاندن و له باربردنی ئازادی ڕادەبرین و تیزەكانی كۆمەڵێكی مەدەنی هەتا پشتگیری نەكردنی ژنان له لایەن حكومەت و نەبوونی یاسا بۆ پاراستنی كەرامەتی مرۆیی و پیشەی مرۆڤی كورد , هەتا ئەو سوكایەتیه كۆمەلایەتی و رۆشنبیری و یاسایی و سیاسیانەی به ژنی كورد به تایبەتی و مرۆڤی كورد به گشتی دەكرێت , هەتا چەمكی لێكدانەوه و بەرجەسته كردنی ژن له زۆر نوكته و بەیت و باو و شیعر و حكایەت و...تد .هەر یەك لەو ئاكارانەش ئاكاری عودەی قوسەی بووه  و یاخود ئاكاری بەعسه.

ژن له كەلتووری پیاوی كورددا  تەنها سێ واتای هەیه , چێشتخانه , منداڵ بەرهەم هێنان و پەروەرده كردنی , ئامرازی دامركێنەرەوەی ئارەزووەكانی ,له نێو كۆمەڵی كوردا ژن كه به سەرشەقامێكیشدا تێدەپەڕێت زیانی لێ دەكەوێت , نموونەش ساكارترین تەكنلوژیا  تازه به كورد دەگات لەوانه مۆبایل و ئیمێله پیاوان و كوڕانی كورد له سەر شەقامەكان وێنەی كچه كوردێكی پێ دەگرن به لایاندا به سەرشەقامەكەدا تێ دەپەڕێ و دەیكەن به بەرهەمی دامركینەرەوەی (منی باڵا ) ,چونكه لای پیاوی كورد چەند خۆی بەووەوه هەڵكێشێت ژمارەی

**دڵخوازەکانی زۆرە و چەند درۆ بکات بڵێت لە گەڵ ژنێك بووم و سیناریو خەیاڵی بۆ ئەو پەیوەندییە بهۆنێتەوە ئەوەندە پیاو ترە ,یاخود بە ناوی ئەو کچە رەتی دەکاتەوە و حساب بۆ ( منە باڵا )ەکەی ئەو ناکات.یاخود بە ناوی کچانەوە ئیمێل دروست دەکەن و نامەی نەشیاوی بۆ کەسانی دی دەنێرن. ژمارەیەکی زۆری چینی دەسەڵات و پیاوانی حزب , لە بەر ئەوەی لە چینەکانی دی خۆیان بە زیاتر دەزانن ( منی باڵا)یان ئاکتیڤ ترە , ئەو نەخۆشیان زیاتر تێدا بەرجەستەیە .ژن بوون لە نێو ئەو جۆرە کۆمەڵەدا کلۆڵیٚ کی گەورەیە , زیرەکی و ناوبانگیش کلۆڵێکی گەورەتر , لە بەرا نبەر ئەو جۆرە نەخۆشی و عەقڵیەت و کردارەدا , چونکە (منە باڵا)کەی ئەوان لە گەڵ بە ناوبانگدا زیاتر هەست بە بوون و پیاوەتی خۆی دەکات , بۆیە هەتا پێیان بکرێت فشاری جیاواز دەخەنە سەر کەسانی ناوەندە رۆشنبیری و هونەریەکان , لە پێناو مەبەستی جیاوازی سیاسی و کۆمەڵایەتی و خودی بۆ متمانە بە خۆ بوون, هەوڵ دەدات ئەو کەسە بکات بە ئامێری مراد گەیاندنی مەبەستە جیاوازەکانی ( ئەوی باڵا ) یان هەر نەبێت لە بوون بیسڕێتەوە بە شێوە و تیرۆرە جیاوازەکان هەر ڕۆژەی خەسڵەتێکی تیرۆر بکات.**

**ئەوە بارودۆخی پاش ڕاپەڕین هەتا پێنج ساڵ بەر لە ئێستاش بوو کە من کوردستانم بە جێهێشت , خوازیارم ئێستا بارودۆخەکە گۆڕابێت و بێ دەنگ بوونی ژنان لەو ئاکارانە لە ترسنۆکی و دەست بە کلاوی خۆوە گرتن نەبێت , بەڵکو بن بڕکراو بێت .**

**کوردستانیوز- ئافرەتی کورد لە ناوەوە چۆن دەبینیت کە تۆ ئێستا لە تاراوگەوە واقعی ئافرەتی کورد دەبینیت ؟**

**کازیوە ساڵح** - ئافرەتی کورد لە هەر کوێ بێت غەمی خۆی بە کۆڵەوەیە , وانەزانیت ئەوانەی لێرەن بارودۆخیان باشترە لەوانەی ناو کوردستان ,هەندێ ئافرەت لێرە چەوساوەترە لە کوردستان , ژمارەیەکی زۆری کوردەکان لێرە زۆر دواکەوتووترن لەوانەی کوردستان , تەنها جیاوازییەك باوەش کردنەوەیە حکومەتە بۆ مرۆڤەکان و بە هۆی ئەو پشتگیریە مادی و یاسایی و مەعنەوێی حکومەتەوە ژمارەیەکیان چەوساندنەوە و سوکایەتیان قبوڵ نەبووە و جیابوونەتەوە ,دەنا واقعی ئافرەتی کورد لە ناوەو دەرەو ە و هەر شوێنێکی دی جیهان هەر

یەك واقعە چونكە عەقڵی مرۆڤی كورد هەڵگری یەك چەمكە بەرانبەر  ئافرەت , عەقڵێكی چەق بەستوو نەگۆڕیشە هەتا ڕادەیەك ,بەڵام لە كوردستاندا پێم وایە ژن ئێستا بێ ئۆمێدتر بووە لە جاران . ئەزموونی 15 پازدە ساڵ سەربەخۆی كوردستان ئەو گوومانەی لا كردوون بە یەقین كە دەسەڵاتی كوردستان و حكومەتی كوردی هیچ بەهایەك بۆ كیشە و گرفتەكانی ژن دانانێت و مەبەستیشی نیە كوردستان وەكو هەرێم , ووڵات دەوڵەت( ئەوەی خۆیان پێیان خۆشە ناوی لێبنێن) -ی یاسا و كۆمەڵی پێشكەوتوو بناسرێت .مرۆڤەكان خاوەنی ماف و ئەركی وەكو یەك و یەكسان بن , یاسا و حكومەت هەبێت بۆ پاراستنی گیانی و كیانی تاكەكان, عەقڵەتی عەشیرەتگەریانەیان كردوە بە سیمبولی پێشكەوتن  و یاسا , لە زەمەنی دەوڵەتی تەكنەلوژیا و شارستانیەتی تەكنەلوژیادا ئێمە سوڵحی عەشیرەتگەریانە بە چارەنووسی ژنان دەكەین , مزلی لە شانەكان بۆ دامركاندنەوەی ئارەزووكانیان دوو دوو كچی كورد دەكوژن و حزب و دەسەڵاتیش هەندێ پارە دەخاتە گیرفانیە وە بۆ ئەوەی بە سوڵحی عەشیایەریانە مەرگی هەدوكی پێ بكرێتەوە , لە كاتێكدا پێشێل كردنی سزای یاسایی پیشێل كردنی مافی كۆمەڵگایەك دەكات نەك تەنها ئەو دوو كەسە كوژراوە , ئەوان كیشەی كۆمەڵگایەك دەكەن بە كیشەی تاكی خۆیان و یاری بە چارەنووسی خەڵكی كوردەوە دەكەن , ئەمە دوایەمین داهینانەكانی دەسەڵاتی كوردیە بۆ فەراهەم هێنان و جێگیركردنی دەوڵەتی یاسا و سیستمی یاسا  ,نەك هەر ئەوە بەڵكو دوژمنی ئەوانەش كە ڕەخنە لەو كردارە نەشیاوایان دەگرن , یان دەیانەوێت سیمایەكی جیاوازتر بە كۆمەڵی كوردی ببەخشن , ساكارترین نموونەش ئەوەیە كە هەوڵی تەواو دەدەن بۆ نابووتكردنی كوردەكانی هەندەران و دووبەركی خستنە نێوان كوردی ناوەو واتە كوردستان و كوردەكانی هەندەران , چونكە مەترسیان لە سەر عەقڵی خیڵەكیانەی ئەوان دروست كردووە . ئەمە دواپین خەڵاتەكانی حكومەت و دەسەڵات و پیاوانی عەشیرەتی سیاسیە بۆ ژنان كورد . ئەو  گەڕانەوەیە بۆ سەدەی پێش كشتۆكاڵی واقعی ئەمڕۆی ژنی كوردە.

**كوردستانیوز - كەمی ئافرەتی نووسەر و ڕۆژنامەنووس بۆ چی دەگەڕێتەوە ؟**

**كازیوە ساڵح** -  دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی كۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و هۆشیاری كۆمەڵی كورد بە گشتی و ئافرەتان بە تایبەتی .هەر ئەو دوو فاكتەرە پالنەری سەرەكی پەروەردەیە لە ناو خێزاندا و پەروەردەی ژنی كوردیش ئالوودەی توقاندن و سەركووت و بێ بەش كردنە .

مرۆڤی سەرکووتکراوو و تۆقیو کەم جار ئەفراندنی پێ دەکرێت ,ئەفراندن و نووسەر بوون جەسارەت و هۆشیاری دەوێت ,لە بەر هەمان هۆش کۆمەڵی ئێمە دواکەوتووە , هەر کۆمەڵێك ژن تێدا چەوساوە و ناهۆشیار و بەشخوراو بێت کۆمەڵێکی دواکەوتوو و ناهۆشیاریش بەرهەم دەهێنێت . ئێمە لە چاو وولاتانی جیهان و دراوسیەدا پیاوی نووسەریشمان کەمە نەك تەنها ژن , هەمان هۆکار پێشگیری بووە .لەو وولاتانەی بووە بە کارخانەی لە باربردنی خەونی جوان , ئەفراندن تێدا بەرهەم نایەت , بەرهەم هێنانیش تێدا ئیستهلاکیە .بۆیە مەرج نیە هەر کەس ناوی نووسەر بوو نووسەر بێت و هەڵگری دۆزێك جیاواز بێت .

**کوردستانیوز – پێت وانیە رۆژێك کازیوە ساڵح دەگەرێتەوە کوردستان و پۆستێکی حزبی وەردەگرێت و لە سرووی لای دەسەڵات کار دەکات؟**

کازیوە ساڵح - کە پۆستێکم وەرنەگرتووە , واتای ئەوە نیە بۆم پێشنیاز نەکراوە , من سوپاسی ئەو لایەن و بەرێزانە دەکەم ئەو پێشنیازەیان لە جارێك زیاتر بۆ کردووم چونکە دەزانم لە بروا بوونیان بە توانا و کارکردنمەوە داواکەیان سەرچاوەی گرتووە , کە لێرەشدا دەڵێم پەسەندم نەکردووە واتای کەم بەها کردنی پێشنیازەکەی ئەوان نیە , هێندەی پەیوەندی بە خواست و بۆچوونی خۆمەوە هەیە بەرانبەر بە کارکردنی خۆم .بە داخەوە هەتا ئێستا سیستمێکی دیموکراتی لە کوردستاندا بەر قەرار نیە هەتا کارکردنی هەمووان بە بەرەی رۆشنبیران و دەسەڵاتدارانەوە لە پێناوی بەرەی گەلدل بێت , منیش پێم خۆشە لە بەرەی گەلدا بم , لە بەرەی هەڵەبجە و ئەنفال و ئەوانەدابم کە نازانن بەرگری لە خۆیان بکەن , خۆتان دەزانن دەسەڵاتداران دەستی خۆ بەرگری کردنیان درێژە ,منیش دڵنیام گەر لە بەرەی دەسەلاتدا بم ناتوانم کاتێك ئەو دەستە درێژە گەشت بە هاولاتێکی بێ بەرگری نەڵێم دەستت بشکێت , ئەوەش لە نێو دەسەڵاتدا بونی نیە , دەسەڵات سازش و بێ دەنگی دەوێت بێ دەنگی

دوای بیرت نەچێت من کاتێك کوردستانم بە جێ هێشت کە خەڵك بۆی دە گەرایەوە , هەموو زوڵم زۆر و سوکایەتی و گرتن و لە خوێندن دەرکردنی بەعسم چەشت و لکام بە خاکی کوردستانەوە , بەلام کاتێك بینیم بە باوەشینی دەستی بەعس پشکۆی هەناوی گەلێکی بریندار دووبارە دەگەشێتەوە و برینەکەیان نوێ دەکرێتەوە هەستم بە غەریبی کرد تێدا و

بەجێم هێشت , لە کاتێکدا زۆربەی دەرگاکانم بە ڕوودا کرابووە , ئەوەشی هەمبوو زۆری لە دەسەڵاتداریەتی کەمتر نەبوو . تەنها خوازیارم بەرنامەیەکی ریفۆرمستیم سەبارەت بە کیشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و مرۆییەکانی ئەو کۆمەڵە هەبێت , یەکێك لە تەلەفزیوونە ئاسمانیەکان لە هەر پارچەیەکی کوردستان بێت بیکرێتەوە وەکو ئەوەی لە جیهانی مۆدیرن و ڕاگەیاندنی ئازاددا باوە تەلەفزیونێك بە کۆنتراکت یرۆگرامێك دەکرێتەوە لە ڕۆژنامەوانێك یان کەسیەتێکی هونەری یان ئەدەبی و بۆ تەلەفزیونەکەی خۆی نەك پابەند بوونی کەسەکە بە تەلەفزیون و ئایدۆلۆژیایەکە , گەر عەقلی بەڕێوەبەرانی تەلەفزیونەکان گەشتبێت بە ئاستێك ئەوەی بۆ هەزم بکرێت .

**کوردستانیوز - ڕێکخراوەکانی ژنان تا چەند گرفتن یان چارەسەرەن بۆ ژنان ؟**

**کازیوە سالح** - رێکخراوەکانی ژنان تەنها وەکو ناویش بێت هەر هەبوونیان لە نەبوونیان باشترە , زۆر کەسی عەشیرەتگەر و دەمارگیر و لایەن و کەسی تاریکخواز چاویان بە ناوی رێکخراوی ژنان و ژن و رێکخراوو بوون هەڵنایەت ,پێم وانیە هیچ گرفت بن بۆ ژنان , ئەوانیش بەشی خۆیان کار دەکەن , بەڵام شێوازی کارکردن و مامەڵە کردنیان لە گەڵ دەورووبەر و جیهانی ژن نادروستە بە ئاستێك ژمارەیەکی باش ژنانیان لە خۆیان تەکاندوەتەوە و وەکو کۆمیتەیەکی بچووکی حزبی کار دەکەن , کاری کۆمیتە حزبیکەش کاری ڕاستەقینەی خۆیانە و مایەی گلەیی لێ کردن نیە , گەر ئەوان زۆر کیشەی ژن نەقۆزنەوە بۆ بەرژەوەندییە جیاوازەکان .

**کوردستانیوز _ ئایە پێشکەوتنی ئافرەت لە دەرخستنی لەش و لاریدا یان جل و بەرگی سەرنج ڕاکێشدا دەبینیت ؟**

**کازیوە سالح** - پۆشاك مەسەلەیەکی زۆر لاوەکی مرۆڤە و پەیوەندی بە زەوقی کەسەکان و خواستی خۆیانەوە هەیە و هیچ پەیوەندییەکی بە پرەنسیپی ئەخلاق و شارستانیەت و پێشکەوتنەوە نیە , لە دەرەوەی پێشکەوتنی بابەتی یاخود ناوەڕۆك , بۆ زانیاری بە رێزتان لە زۆربەی ئەو وولاتە عەرەبیە ئیسلامیانەی بەهای ژن بە پۆشاکەوە دەبینین , لەش فرۆشەکان سەرتاپای خۆیان دادەپۆشن بۆ ئەوەی نەناسرینەوە و بۆ ئەو مەبەستە ناشایستە قۆستبوویانەوە , بەڕادەیەك ئەو مەسەلەیە بەرفراوان بووە لە نێویاندا , ئەو سیفەتەی کە

جێگەی بڕوایە لە کوردستان کە ژنێکی داپۆشراو بە نرختر دەزانن لەوێ پێچەوانە ببوەوە بۆ بێ متمانەیی, بۆیە بەها و پێشکەوتنی مرۆڤ تەنها بە جەوهەرێتی نەك ڕووکەش جا ئیتر هەلگری هەر ئایدۆلۆژێك بێت , ناوەرۆك سەنگی مەحەکی مرۆڤ بوونیەتی .گەر ئەو پۆشاکەی بۆ ئەوە نەپۆشی کە خۆی لە پیاو بە کەمتر دەزانێت

**کوردستانیوز _ خاتوو کازیوە بڕوای بەوە هەیە ڕۆژێك حجاب بکات وەکو چۆن هیفاو وەهبی لەم ڕۆژانەدا گووتی بە دووری نازانم رۆژێك حجاب بپۆشم ؟**

**کازیوە سالْح** -  نەخێر بیرو باوەڕی وام لا گەلاڵە نەبووە . سەبارەت بە هیفاو وەهبیش ئێستا بە لەش و لار بیر دەکاتەوە و کار دەکات , بۆیە کاتێکیش پرۆژەی کارکردنی گۆڕاو و سەرنج ڕاکیشی لەشی بە سەر چوو , دیسان بە لەشی بیر دەکاتەوە و لە جەستەیەوە دەست پێدەکات .